# زانیاری بۆ منداڵان و لاوان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ دەربارەی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

شێرپەنجە و نەخۆشیگەلی پشتاوپشتیی، بۆ نموونە نەخۆشی خوێن لای منداڵ نائاساییین. بەڵام ڕێک بەهۆی ئەوەی کە نەخۆشیەکان دەگمەنن ئەوا ئەوە تۆزێک زەحمەتتر دەکاتەوە بۆ ئێمە لە بەشی نەخۆشخانە کە بتوانین شێوەی تازە و کاریگەر بدۆزینەوە بۆ تیمارکردن و چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی کە هەرچۆنێك بێت نەخۆش دەکەون. ئێمە هەوڵ دەدەین باشترین دەرمان بدۆزینەوە لە ڕێگای تیمارکردنی منداڵی زۆر بە هەمان شێوە و پاشان ببینین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت بە بەراوورد لەگەڵ پێشوو، یان لەگەڵ گرووپێکی دیکەی منداڵ کە بە شێوەیەکی دیکە دەرمان کراون. بۆ ئەوەی بەراووردێکی وەها تا دەکرێت باش بێت ئەوا زانیاری دەربارەی هەر منداڵێک دەبێت کۆ بکرێتەوە لە تۆمارەیەک. لە ڕێگای کۆ کردنەوە و شیکاریی کردنی ئەم زانیاریە پاشان دەکرێت تێبگەین چۆن دەرمانکردنەکە باشتر بکەین بۆ ئەوەی کەسانی زیاتر ساخ ببنەوە.

بۆ پێشخستن و دڵنییای کردنی چۆنیەتی بەشی نەخۆشخانە چاوەدێریدەرەکەت

دەیەوێت زانیاری دەربارەی ئەتۆ ڕاپۆرت بکات بۆ تۆماری چۆنیەتی نەتەوەی - تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی. دەستگای بەرپرسی ناوەندی زانیاری کەسی نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکایە کە بەرپرسیاریەکی سەرەکی دادی هەیە بۆ زانیاریەکانی کەسی لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی. چاوەدێریدەرەکەت

جە یذ ی شێرپەرابە تۆم
منداڵی سویدی. بە رپرسی دمە لە کـرامنی زانیاری کە سیتاه لە کی دکۆ کـرذ و ەە وڕدکـر تسە ەدانی زانیاریاە کن

## ئەتۆ کۆمەکی چاوەدێریەکی باشتر دەکەیت

بە یارمەتی زانیاریەکە لە تۆمارەکان و نموونەی پاشکەوت کراو ئێمە هیوادارین بتوانین زیاتریش ئەنجامی دەرمانکردنەکە باشتر بکەین و لە هەمان کات مەترسی کارتێکردنی لاوەکی کەمتر بکەینەوە. بۆ ئەوەی بتوانین بگەین بە سەرئەنجامی دڵنییاتر ئێمە دەبێت زانیاری کۆ بکەینەوە لە لایەن بەئەندازەی پێویست منداڵان و لاوان. بە هۆی ئەوەی کە نەخۆشیەکان نائاساییین ئێمە جاروبار پێویست دەکات هاوکاری بکەین لەگەڵ پزیشک لە چەندین وڵات بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی منداڵ بەئەندازەی پێویست. ئێمە ڕێک دەکەوین لەسەر کۆنووسێکی چارەکردنی هاوبەش کە لەسەر بناخەی ئەو هەموو زانیاریەیە کە هەیە.

بۆ بەراوورد کردنی ئەنجام لەگەڵ نەخۆشی دەرمانکراوی پێشوو ئەوا هەموو زانیاری کۆ دەکەینەوە کە پێوەندی هەیە بە نەخۆشەکە، نەخۆشیەکە و دەرمانکردنەکە. ئەم زانیاریە پاشکەوت دەکرێت لە تۆمارەیەک کە هەیە لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە هاوکاری دەکەن لە کۆنووسەکە. هەمیشە دەبێت نەخۆشەکە ئاگادار بکەینەوە دەربارەی تۆمارکردنێکی وەها. جاروبار دەبێت هەروەها مۆڵەتی نەخۆشەکەمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین زانیاریگەل پاشکەوت بکەین لە تۆمارەیەکی وەها. ئێمە هەروەها دەمانەوێت لە ئاییندە زانیاری لە لایەن ئەو بنکەی چاوەدێریانەوە تۆمار بکەین کە بەرپرسی چاوەدێری تەندروستی ئەتۆن، ئەگەر ئەتۆ هاتووچۆی بنکەی چاوەدێری منداڵت تەواو کردوە.

بەشداریکردن لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی دڵخوازانەیە و کار ناکاتە سەر ئەو چاوەدێریەی کە وەریدەگریت.

## زانیاریگەل کە تۆمار دەکرێن

بۆ پێشخستن و دڵنیاکردنی چۆنیەتی چاوەدێری ئێمە دەمانەوێت زانیاری وەک ژمارەی کەسی ئەتۆ، جنس، مێژوو، پێوەندی چاوەدێری، نەخۆشی، چارەکردن، ئەنجامی ئازمایش، لێکۆڵینەوەی ئەشعە، تایبەتمەندیی نەخۆشیەکە و دۆخی تەندروستی دواتر تۆمار بکەین.

زانیاریەکە ڕەوانەی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی دەکرێت و لەوانەیە بۆ ئەو ناوەندی لێتوێژینەوە کە بەرپرسی ئەو کۆنووسی دەرمانکردنەیە کە بەکار هێنراوە ( ئەم ناوەندی لێتوێژینەوە لەوانەیە لە وڵاتێکی دیکە بێت).

## پەنهانیی پارێزیی و دڵنییایی

زانیاری لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی پارێزراوە بە پێی یاساگەلی پەنهانیی پارێزیی. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە نابێت هیچ زانیاریەک بدرێت بە کەسێک ئەگەر مەترسی ئەوە هەیە کە زیان بە ئەتۆ بگەیەنێت. مەرجی تایبەتی چارەگەلی دڵنییای هەیە بۆ دڵنیيا کردنەوەی ئەوە کە هیچ کەسێکی دیکە بەشداری ئەوە زانیاریە نەبێت. دەبێت بتوانن لێبکۆڵنەوە کە هیچ کەسێکی دەرەکی بەشداری ئەو زانیاریە نەبووە. زانیاریەکانی ئەتۆ پارێرزراون لە ڕێگای کۆدکردن و زانیاری چوونە ژوورەوە پێویستە بۆ خوێندنەوەی زانیاریەکە.

## دەستڕەسی

لە هەندێک دۆخ پزیشکی منداڵی بەرپرس لە شوورای ئوستانی خۆت و هەروەها ئەو کەسانەی کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی تۆمارەکەن لەوانەیە دەسترەسی ڕاستەوخۆیان هەبێت. هیچ بنکەیەکی چاوەدێری نەخۆشی دەرەکی دەسترەسی ڕاستەوخۆی ئەم زانیاریانەی نیە.

زانیاریەکانی ئەتۆ دەمێننەوە لە تۆمارەکە تا ئەو کاتەی کە هێشتا پێویستن بۆ توێژیین و پێشخستن. ڕاپۆرتگەلی توێژیین و کۆکردنەوەکانی دیکە ئەو زانیاریانەیان تێدا نابێت کە ببێتە هۆی ناساندنەوەی ئەتۆ یان نەخۆشی دیکە.

- ئەتۆ مافی نەویستنی تۆمارکردنی زانیاریەکانی کەسی خۆت هەیە لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی.
- ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە کە هەر کاتێک بێت داواو سڕینەوەی زانیاریەکانت بکەیت.
- ئەتۆ مافی وەرگرتنی زانیاریت هەیە دەربارەی ئەوە زانیاریەی کە تۆمار کراوە دەربارەی ئەتۆ.
- ئەگەر بەشێک لە زانیاریەک دەربارەی ئەتۆ هەڵەیە ئەوا مافی داواکردنی ڕاست کردنەوەی ئەوەت هەیە.
- ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە کە زانیاری وەرگریت دەربارەی ئەوە کە کام بنکەی چاوەدێری یان کام کەس زنیاریەکەی ئەتۆیان بینیوە.
- ئەتۆ مافی وەرگرتنی قەرەبووت (خەرمانە) هەیە ئەگەر ئەرکی پەنهانیی پارێزیی ڕەها نەکەن.

## زانیاریگەلی پێوەندی

ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێت دەربارەی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی یان دەربارەی ئەو زانیاریانەی کە تۆمار کراوە دەربارەی ئەتۆ ئەوا دەتوانیت پێوەندی بکەیت بە:

تۆماری چۆنیەتی نەتەوەی - تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی، زانستگای کارولینسکا،
یەکەی توێژیینی شێرپەنجەی منداڵ، شەقامی تومتەبوودا ڤێگەن ١٨ ئا، قاتی ٨، ١٧١٧٧ ستۆکهۆڵم (سۆلنا)

ژمارەی تەلەفۆن: ٥٢٤٨٢٣٦٥ ٤٦+

پۆستی ئەلەکترۆنیکی: svenska-barncancerregistret@kbh.ki.se

ئەگەر دەتەوێت پێوەندی بە نوێنەری پاراستنی زانیاری بکەیت لای

یان لای نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا:

نوێنەری پاراستنی زانیاری
نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا
١٧١٧٦ ستۆکهۆڵم
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠ ٧٠٠ ٥١٧ - ٠٨ (پێوەستگا)
پۆستی ئەلەکترۆنیکی: dataskyddsombud.karolinska@sll.se

ئەگەر هەست بەوە دەکەیت کە زانیاری بە ئەندازەی پێویستت وەرنەگرتووە ئەوا شتێکی باشە کە لەگەڵ پزیشکی بەرپرس قسە بکەیت. ئەوە گرینگە کە پرسیار بکەیت ئەگەر دەتەوێت شتێک بزانیت.

*کۆپیەک لەم زانیاریە ڕادەستی نەخۆشەکە دەکرێت.*